السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# پیاوێک سکاڵای هێنایە لای پێغەمبەر -صلی الله علیە وسلم- کە هەندێک شت دێتە خەیاڵیدا لە کاتی نوێژدا، پێغەمبەر -صلی الله علیە وسلم- فەرمووی: با نوێژەکە جێنەهێڵێت هەتاوەکو دەنگێک دەبیستێت، یان بۆنێک دەکات

لە عبداللەی کوڕی زەیدی کوڕی عاسمی مازنیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پیاوێک سکاڵای هێنایە لای پێغەمبەر -صلی الله علیە وسلم- کە هەندێک شت دێتە خەیاڵیدا لە کاتی نوێژدا، پێغەمبەر -صلی الله علیە وسلم- فەرمووی: «با نوێژەکە جێنەهێڵێت هەتاوەکو دەنگێک دەبیستێت، یان بۆنێک دەکات».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە هەروەکو ئیمامی نەوەوی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- باسیکردووە لە بنچینە گشتیەکانی ئیسلامە وبنچینەیەکە کە ئەحکامی زۆری لە سەر بنیات دەنرێت، وئەمیش بریتیە لە مانەوەی شتە بنچینەکان لە سەر حوکمەکانیان، ولاناچێت لە حوکمەی بە هۆی گومانێک، جا گومانەکە بەهێز بێت یان لاواز، ئەگەر گومانەکە نەگاتە ئاستی دڵنیایی (یەقین) یان زاڵبوونی زۆرینەی گومان (غلبة الظن)، ونمونەی ئەمە زۆرە وشاراوە نییە، ولەوانەش ئەم فەرموودەیە، کە مرۆڤ دڵنیا بێت لەوەی دەستنوێژی هەیە، پاشان گومانی هەبوو لە دەستنوێژەکەی؛ ئەوا بنچینە ئەوەیە کە دەستنوێژی هەیە، وبە پێچەوانەوە ئەوەی دڵنیابوو کە دەستنوێژی نییە، وگومانی هەبوو لەوەی کە دەستنوێژی هەیە یان نا؛ ئەوا بنچینە ئەوەیە کە دەستنوێژی نییە، بەم هەمان شێوەیە بۆ جلەکان وشوێنەکان؛ ئەوا بنچینە ئەوەیە کە پاکن، مەگەر دڵنیابوون هەبێت لە پیس بوونیان، ولەوانەش: ژمارەی ڕکاتەکانی نوێژ، ئەوەی دڵنیا بێت کە سێ ڕکاتی کردووە وگومانی هەبوو لە چوارەم؛ ئەوا بنچینە ئەوەیە کە سێ ڕکاتی کردووە، ودەبێت ڕکاتی چوارەم بکات، ولەوانەش: هەرکەسێک گومانی هەبوو لە تەڵاقدانی خێزانەکەی؛ ئەوا بنچینە مانەوەی هاوسەرگیریەکەیە، ولەم بابەتەش مەسەلەی زۆر هەیە کە ئاشکران وشاراوە نین.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3064

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee